

## کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆ و برا ئێزیدیەکان کۆبوونەوە

ڕۆژی 17-02 کۆبونەوەی کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆو سەدان ئێزیدی باشووری سوید لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی دەڤەری( شێخان) پتر لە 3 کاتژمێری خایاند. کۆبوونەوەکە لەژێر ئاڵای کوردستان و لەکۆمەڵەی کوردی مالمۆ بەخولەکێک وەستان بۆ شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی ئێزیدی دەستی پێکرد و د قیسمەت میرخان بەخێرهاتنی هەموانی کردو هەروەها ووتارەکان لەلایەن نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ( شێرزاد عەزیز و هاوڕێ سماقوڵی) و پارتی دیموکراتی کوردستان ( د. دڵشاد ئاکرەیی و سوفیانسلێمان حاجی ) و بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی سوید ( ناسیح مەلا حەسەن) و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان ( ئاوارە ئیبراهیم) و کۆمەڵەی کوردی مالمۆ( کەریم بارزانی) خوێنرانەوە کە سەرجەمیان پرۆتستۆی ئاژاوەگێڕیی ڕووداوەکەیان کرد و داواکرا تاوانباران لێکۆڵینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت. پاشان نوێنەرانی برا ئێزیدیەکان ( شیار شێخ میرزا و ڕەشۆ بۆزانی و حەسەن فەقیر و بەدەل حسێن یەزدین) داواکانیان خست بەردەم کۆبونەوە و بڕیاری هاوبەش درا بە ئاڕاستەکردنی نامە یەکی کراوە و بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی هات .
ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی
بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاک عەدنان موفتی
بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤانبارزانی

1- داوا دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسانەی(.....) بوونە هۆی ڕوودانی کێشە کۆمەڵایەتیکەی دەڤەری شێخان بکرێت.
2-سەرجەم تاوانبارانی ڕووداوەکە بدرێنە دادگا.
3-پێویستە مەزارگاو شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزیدی بەباشترین شێوە بپارێزرێت.
4- قەرەبووکردنەوەی خێزانە زیان لێکەوتووەکان.
5ـ بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە کوردستانیەکان لەگەڵ پیاو ماقووڵانی ئاینی و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی دەڤەرەکە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن.

6–هەوڵ بدرێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت بەرپرسانی ئیداری و حیزبی لەخەڵکی ناوچەکە هەڵببژێرێت.
7– لەڕووی ئابووریەوە گرنگیەکی زیاتر بەدەڤەری شێخان بدرێت و پرۆژە ئاوەدانیەکان زۆرتر بن بۆ ئەوەی ژیانێکی مۆدێرنتر بۆ خەڵکی دابین بکرێت.
8ـ حکومەت و دەسەڵاتی کوردستان زۆر خورت هەوڵ بدات دووبارە متمانە بگێڕێتەوە نێوان خەڵک و حکومەت و بەتایبەتیش لەبەر گرنگی ڕیفراندۆم لەسەر بڕیاری 140 .
9–چارەسەر کردنی کێشەی زەویوزار و دابەشکردنی بەشێوەیکی دادخوازانە و جیاوازی نەکردن لەنێوان خەڵکی دەڤەرەکە و چارەسەری کێشەی تاپۆ لە شێخان.
داوا دەکەیەن وەڵاممان بدەنەوە.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوماندا.

ئیمزا
نوێنەری ئێزیدیەکانی
باشووری سوید

ئیمزا
نوێنەری کۆمیتەی
هاوکاری کوردستانیانی
مالمۆ